

دانـــــەر

**نامە نامۆکان**

نامەی دووەم

**خەیاڵێکی نادیار**

ئەی خەیاڵە برۆنزی یەکە تۆ لە کوێیت؟!هەموو کیشوەرەکانی زەوی بە دواتا گەڕام هەر نەمد ۆزیتەوە ،لە کۆتایدا تۆ هەر لە مەملەکەتی دڵی منا بوونت هەیە ...

لە خەیاڵما هەزارەها نەخشەی تارماییم کێشا تا لە حە قیقەتی بوونت تێ بگەم کەچی تۆ هەر ئەبیتەوە بە خەیاڵ، چ وەهمێکی پیرۆزی تۆ بۆ لە سێدارەدانی هەستەکانی من!..ئەی پێت نەوتم ((تۆ لە مرۆڤەکانی ئەم سەر زەوی یە ناچیت لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتوویت کە تا ئێستا کەس هەستی بە بوونی نەکردووە تەنها من نەبێت!..)) تۆ ئێوارەیەك لە کاتی ئاوابوونا هاتیت و پێت وتم ((باوەشم پیاکە لە خۆشەویستی زۆرم بۆت زمانم نایەتە گۆ چەند سەرسامم بەم هەستە تەنیا باوەشم پیاکە!..)) کەچی ئێستا خەیاڵەکان بوونەتەوە بە خەیاڵ وەك پەپوولە پایزی یەکان بە دەم باوە پیاسە ئەکەن ...

هاوڕێ تورەم لێت وەك تورِە یی منالێکی فریشتە ئاسا کە تێ ناگات و تەنها تووڕە ئەبێت،نیگەرانم وەك ئەو ساتانەی زەمەن کە هەر ئەڕوات و ناتوانێت بوەستێت،بێ ئارامم وەك بێ ئۆ قرەیی میللی کاتژمێر،سەیرە ناتوانم دەستت لێ بەم ئاخر ئەستێرەکانی ئاسمانیش هەمان کێشەیان هەیە کاتێ خەون بەوەوە ئەبینن سەما لەگەڵ یەکا بکەن ..!

پێم وتیت مرۆڤەکان هەموویان دەمامکدارن ، هەموویان دڕندەن، خاڵین لە عەشق،لە بەرائەت،لە ڕاستگۆیی زۆر ئەترسم ژەهر خواردیان کردبیت و جارێکی تر هەرگیز دەنگت نەیەتە گوێم!..لە بێ دەنگیت بێزارم بێزار نا هاوڕێ نامەوێت وا بمرم، دڵم نەوەستێنی بە بینینی تەرمەکەت لە سوچێکی کەلاوەکانی شا ر ..!

ئەوان کە ناتوانن لە گریانی هەور تێ بگەن ئیتر چۆن لە فرمێسکەکانی دڵی من !..ئەوان کە پەڕەی گوڵەکان ئەوەرێنن ئیتر چ ئومێد ێك بۆ هەستی من !.. کەست بینیوە بەرد بگرێتە پەپوولە؟! ئەی هاوار پەپوولەی شەهید ئەبینم من!..دەسا ساقی پێکێك تێ کە با بێ ئاگا بم بۆ چەند ساتێك من،بێ ئاگا بم لە زوڵم و ستەم لە درۆو خیانەت ،چەند شەرمەزارم بە مرۆڤ بوونی خۆم کاتێك ئاکارەکانی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە ئەبینم ئاخر هاوڕێ مرۆڤ تەنها وشەیەکی ڕوکەشەو هەموو بەها جەوهەریەکانی لە دەست داوە ..!

بۆیە هەمیشە یاخی بوونم خۆش ویستووە لە نامۆ بوونم چێژم وەرگرتووە بۆیە پەشیمان نیم لە ناسینت بە تۆ دڵ خۆش ئەبووم چونکە تۆ خەیاڵ بووی خەیاڵ..ئەمتوانی باڵەکانت ببینم کە ئەفڕیت بە ئاسمانا.. تۆ چ نەوڕەسێکی بێ ناسنامەی کەنارەکانی دڵی من بوویت ..!

چش لە بێزاریم ئیتر ناڵێم بۆ ماوەیەکە بێ دەنگی؟! بێ دەنگ بە هاوڕێ نەوەك مرۆڤەکان پێت بزانن و ئاگرێکت پێ بکەنەوە بە چوار دەورتا تا بەیانی سەما بکەن و بخولێنەوە، ئاخر ئەوان تامەزرۆن بۆ شێواندنی تابلۆی خەیاڵ..ئاخر ئەوان هەرگیز ناتوانن خەون ببینن بۆ چوونە ناو باوەشی مانگ .! ئەی خەیاڵە برۆنزی یەکە تۆ لە کوێیت؟!هەموو کیشوەرەکانی زەوی بە دواتا گەڕام هەر نەمد ۆزیتەوە ،لە کۆتایدا تۆ هەر لە مەملەکەتی دڵی منا بوونت هەیە.

سلێمانی

دانــەر